# "ئەوەی کە چاو نایبینێ دڵیش خەفەتی بۆ ناخوا"!

**شکار ئەحمەد**
shkar_qaladzaey@yahoo.com



هەموومان ڕۆژانە لێرە و لەوێ بەدەیان دیاردە و دیمەنی سەیر و نامۆ و سەرنجڕاکێش دەبینین کە هەندێکیان زۆر کۆمیدی و خەندەهێنەرن و هەندێکیشیان نارەحەتکەر و جێگای ئەسەفن.

ئەوەی لەم نووسینەدا بەرچاو خوێنەر دەکەوێت، چەند ڕۆژ لەمەوبەر من لە 20 خولەکی فیلمی ژیانمدا بینیم.



کاتژمێرەکەی دەستم هەشتی تەواوی نیشان دەدا، دوای دەرچوونم لە ماڵ، لەسەر شەقامەکە چاوەڕوانی تاکسی بووم، چەند مەترێکیش لە خوار منەوە دوو کچی ناسکۆڵەی ئاخیر مۆدیل کە هاوتەمەنی خۆم بوون، وەستابوون. وێدەچوو ئەوانیش هەر چاوەڕێی تاکسی یان پاس بکەن. تاکسییەک هات و بە مەبەستی ڕاگرتنی دەستم بەرزکردەوە، بەڵام نەوەستا، لام ئاسایی بوو چونکە مەزەندەی ئەوەم کرد کە ئیش ناکات یان کارێکی هەیە، بەڵام ئەوەی توشی سەرسامی کردم ئەوەبوو کە بە تێپەڕبوون لە من و نزیک بوونەوەی لە کچەکان تاکسیەکە هێواش بوویەوە و چەند هۆڕنێک لێدرا! کچەکانیش کە ئەو دیمەنەی پێشوویان بینیبوو، ئیتر دەستیان بۆی ڕانەگرت، تەنانەت لیچیشیان تێکنا!. ئەم هەڵوێستەیان زۆر دڵخۆشی کردم و هێنامیە خەنین، بە هەمان شێوە کچەکانیش زەردەخەنەیان خستە سەر لێوان. زۆر بەپەلە نەبووم، بۆیە بۆ وەڵام دانەوەی ئەو هەڵوێستەی ئەوان و کاتێک تاکسیەکی تر هات دەستم بەرزنەکردەوە تاکو ئەوان نەکەونە دێر، ئەوانیش بە لەقاندنی سەر سوپاسیان کردم و ڕۆیشتن.

سواری تەکسیەکی تر بووم، لە ترافیک وەستابووین لەسەر شۆستەکە دیمەنێکی زۆر جەرگبڕم بینی، پیاوێکی زۆر بەساڵاچوو دوو لولە گوڵەبەڕۆژەی بەدەستەوە بوو و دانە دانە لەبەردەمی ئۆتۆمبێلەکان دەوەستا! خۆزگە هەر ئەوکاتە بمردمایە بەس ئەو دیمەنەم نەبینیایە. کەمێک لەولاتریش منداڵێکم بەرچاوکەوت کە تەمەنی بەنزیکی هەر پێنج شەش

ساڵان دەبوو، کراسێکی تەنك و شڕە پانتۆڵێکی لەبەربوو، بە هەردوو دەستی دوو پاکەت کلینیکسی توند بە بەرۆکی خۆیەوە نووساندبوو، سەری نابوو بە ستوونی ترافیك لایتەکەوە و خەریك بوو خەو دەیبردەوە!. ئاخ ئەمەشیان چ دیمەنێکی سامناك بوو کە جەرگە رەشەکەی منی پڕکرد لە خەم. خەیاڵم لای ئەو منداڵە بوو، بیرم لە ژیانی ئەو و هەزارانی وەکو ئەو دەکردەوە بە بەراورد لەگەڵ ژیان و گوزەرانی منداڵی بەرپرسەکان کە ژیانیان لەگەڵ ئەوان ئاسمان و زەوی مەودایان هەبوو.

بە فیکە فیکی ئەفسەری هاتووچۆ خەیاڵاتەکەم رەویەوە، بەدەست هێمای بۆ ئۆتۆمبێلەکانی بەرامبەرمان دەکرد کە برۆن، ئۆتۆمبێلەکان کەوتنە جووڵە و تا ناوەڕاستی چواررێیانەکە هاتن، لەناکاو ئەفسەرەکە بە فیکە فیکە هاتە بەردەمی ئۆتۆمبێلەکان و وەستاندنی!، پێم سەیر بوو ئەوانی بۆچی وەستاند؟! لەپڕێکا سێ مۆنیکای جام رەش لە تەنیشتمانەوە وەکو گوللەی وێڵ دەرپەڕین (دیاربوو مەسئول بوو!)، جەنابی پۆلیسی هاتوچۆش (تحیە)کی مەردانەی بۆ کردن!. زۆر جار بینیومە بەرپرسێك سەرپێچی یاسای کردووە، بەڵام ئەمە یەکەم جار بوو کە ببنیم کارمەندێکی هاتووچۆ، کە ئەرکی پاراستنی یاساکانی هاتووچۆیە هاوکاری سەرپێچیکاران بێت، پاشانیش بە شانازییەوە و بە بەرچاوی ئەم هەموو خەڵکەوە تەحیەشی بۆ بکات!.

ماوە بڵێم بە بینینی ئەو دیمەنە نامۆ و قێزەونانە، مرۆڤ هەموو نهێنییەکانی لا ئاشکرا دەبێت و چیتر بە دروشمی بریقەدار و هەڵخڕێنی، وەك رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و منداڵ و پاراستنی یاسای هاتووچۆ و ...تاد تەفرە ناخوات.

---

**تێبینی/ بۆ رۆژی دواتر کاتێك بە هەمان شوێندا تێپەڕیم، هەمان پیرە پیاوم بینییەوە لەوێ و دوو وێنەم گرت، بە گوتەی شوفێری تاکسیەکە ئەم پیاوە بە بەردەوامی لەم ترافیکە گوڵەبەڕۆژە دەفرۆشێت.**